www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا12:29 2006-7-7

# گلەییەکانی پایتەخت ... بەختیار شاخی



قسەیەک لەناو بازاڕ هەیە کە دەڵێ "پیاو کە لات بوو کۆنەقەرزی وەبیر دێنەوە"، لە چەند رۆژی رابردوودا بێ کارەبایی بەشێکی زۆری کوردستان و بێ ئاوییش بەشێکی زۆری پایتەختی گرتەوە، بۆیە خەڵک کۆنە بەڵێنەکانیان وەبیر هاتەوە و پرسییان: "ئەرێ بڕیار نەبوو دوای 2006/1/1 پرۆژەی ئاوی ئیفراز تەواو بێت و هیچ ماڵێکی پایتەخت پێویستی بە "تەنکی" و "مزەخە" نەمێنێ؟ ئەرێ پرۆژە چەند سەد مێگاواتییەکانی کارەبا بەچی گەیشتن"؟

هەولێر پایتەختە، پایتەختیش هەمیشە لە فراوانبوونە و رۆژبەرۆژ ژمارەی دانیشتووانی پایتەخت زیاد دەبێت و بە زیادبوونی ئەوانیش خواست و پێداویستییەکانیش زیاتر دەبن و پێویستە پرۆسەیەکی بەردەوامی فرەوانکردنی پایتەخت و پێشخستنی لە ئارادابێت. بەڵام ئەو پێشخستن و جوانکردنەی پایتەخت نابێ هەر بە دروستکردنی باڵەخانەی جوان و سوپەرمارکێتەوە ببەسترێتەوە، چونکە هەولێر ئەگەر سەدان تەلاری هەوربڕیشی تێدا بێت و وەپێش لەندەنیش بکەوێت، ئەگەر ئاو و کارەبای نەبێت، پێش ناکەوێت. راستە پرۆژە زۆرن، بەڵام تائێستاش کۆمپانیاکان پرۆژەی ستراتیژی وەئەستۆ ناگرن و هیچ کارگەیەکی گەورەش لە کوردستان دانەمەزراوە کە ببێتە هۆی چارەسەر کردنی یەکجارەکیی بەشێک لە کێشەکان. رەنگە بڵێن ئەوە پەلە کردنە و هێشتا ماویەتی لە هەولێر ئۆتۆمبێل دروست بکرێت یان کارگەیەکی گەورەی دروستکردنی شێلمان و شیشی پۆڵای خانوبەرە دروست بکەین، بەڵام کوردستان لەتوانایدایە ئەو شتانەی هەبێت و پێویستیشە هەبێت. بۆیە حکومەت کە پشتیوانی لە پرۆژەکانی کەرتی تایبەت دەکات دەبێ هانیان بدات بیر لە پرۆژەی گەورە و ستراتیژی بکەنەوە، چونکە هەولێر چەند پێویستی بە دریم سیتی و نازەمۆڵ و نیوسیتی و سیتییەکانی دیکەیە، سەدان ئەوەندە پێویستی بە خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان هەیە تا بگاتە ئاستی پایتەختەکانی دیکە، خەڵک پێویستی بە ئاو و کارەبا و سووتەمەنی هەیە، زستانان نەوت دەست ناکەوێ و هاوینانیش هەر گرانە، بەنزین بۆتە مەتەڵ و حکومەتی عێراق نرخی بەنزینی لە بەنزینخانە حکومییەکاندا گەیاندە نرخی بەنزینی سەرشۆستە، ئەوەی ئۆتۆمبێلی هەبێ بۆ ئەوەی تانکیی ئۆتۆمبێلەکەی پڕ بکات دەبێ گیرفانی خۆی بەتاڵ بکات. ئەو گرانکردنەش هاتە ریزی گرانییەکانی دیکە و گرانتریشیان دەکات، داهاتی رۆژانەی خەڵکیش هەر وەک خۆیەتی و ئەو هاوکێشەیە لاسەنگتر دەبێت و ژیانی خەڵک زەحمەت و زەحمەتتر دەبێت.